# بنیاتنانی دایكایەتی لە دیدگای سیاسەتی جەستەدا

**پ.د. چنورقادری**
Germany- Faculty of Social Work at the University of Applied Sciences (EvH Bochum)
ghaderi@evh-bochum.de

## ١ـ پێشەكی

دایكایەتی وەک هێمای سروشتی بەخشەری ژیان، خۆشەویستی، ئاشتی، زمان وهتد دەبینرێت. بەڵام دایكایەتی لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە ڕۆڵێكی تاكەكەسی بێلایەن نییە لە كۆمەڵگادا. دایكایەتی كۆمەڵێک ئەزموونی فرەلایەنی وئاڵۆزە كە تاكەكان بەرجەستەی دەكەن ووە لەهەمان كاتدا سیمبۆلی دامەزراوەیەكی كۆمەڵایەتیە. ئەم دامەزراوە كۆمەڵایەتیە لە سیستەمی كولتووری، ئابووری و یاساییدا چەسپاوە. شیكاری دایكایەتی تەنیا پەیوەندی بە بنیاتنانی چەشنە چەقبەستووەكانی جێندەری و ڕۆتینی ستاندار و نۆرماتیڤە وە نییە. ئەو دەست دەخاتە سەر پرسە ئاڵۆز و ڕاستییەكانی پەیوەندییەكان، ئابووری خزمەت و چاودێری بەردەوام.

بۆیە پشكنین لە دایكایەتی وەک هێمایەكی فەزای بەستنەوە ی پەیوەندیەكان و ئابووری گرنگە بۆتێگەیشتن لە پێكهاتنی سیناریۆی جێندەری، هەروەها بۆ تێگەیشتن لەچۆنایەتی پاراستنی چەوساندنەوە لەسەر بنەمای ڕەگەز و چینایەتی٠ چەمكی دایكایەتی لە كوردوستانیش، ناوچەیەک كە بەردەوام لە شەڕ و ململانێدایە گشتگیرە. دایكایەتی لە كورد ستان هەم شوێنی لاوازی جەستەیی و زەبر و زەنگە وە لە هەمان كاتدا شوێنی بەرخۆدان و خۆڕاگرییە، كە دەنگێكی سیاسی بە ژنان دەبەخشێت٠

ئەم بابەتە نموونەی دایكایەتی وەک خاڵێكی لەنگەری بەكاردەهێنێت بۆ نیشاندانی ڕەهەندە دەروونییە ڕامیاریەكانی "سیاسەتی جەستە". لە ڕێگەی ئەم ڕوانگەیەوە جەستە وەک ئەنجامێكی گۆڕڕانكاری مێژوویی و وەک كاریگەرییەكی پراكتیزە ی كۆمەڵایەتیی دەبینرێت. بەدەن لەڕووی گوتاریی، ماددییەت و بەرهەمهێنان شی دەكرێتەوە. جەستە وەک شوێنی نەزمی كۆمەڵایەتی لە ململانێ سیاسیە كان و دیكۆلۆنیالیزمەكاندا دەردەكەوێت. لە مشتومڕەكاندا سەبارەت بە ڕێكخەرە جێندەرە مۆدێرنەكان، جەستە وەک نیشاندەرێكی سنووری بۆ جیاوازی لە پەیوەندیە نایەكسانیە ناوچەیی و جیهانیەكاندا ڕەنگ دەداتەوە.

## ٢ـ سیاسەتی جەستەیی و ڕەوتە جیهانییەكانی نایەكسانی

دیدگای سیاسەتی جەستە وا گریمانە دەكات كە جەستە تەنها شتێكی سروشتی و بایۆلۆژی نییە، بەڵكو چەمكێكی كۆمەڵایەتیشە. گرنگی لایەنە كۆمەڵایەتیەكانی جەستە لە تیۆرییە جیاوازەكاندا ناسراون، وەک لای پییەربۆردیۆ، میشێل فۆكۆ یان یودیت باتلاڕ. سیاسەتی جەستە ڕێبازێكی نێوان زانستەكانە، باس لە شێوازە جۆراوجۆرەكان دەكات كە چۆن .جەستەكان دەبنە زوبجێكتی سیاسی یان دەكرێن بە ئۆبجێكتی سیاسەت

: ڕوانگەی سیاسەتی جەستە ڕەنگدانەوەی بنیاتنانە كۆمەڵایەتییە جیاوازەكانی جەستە شی دەكاتەوە

وەک ئەنجامێكی گۆڕانكارییە مێژووییەكان -

وەک كردەوە كۆمەڵایەتییەكان-

وەک ئۆبجێكتێكی خەیاڵ و نوێنەرایەتی لەڕووی گوتاریی، ماددییەت و بەرهەمهێناندا-

وەک میدیا یان ئامڕازی سوبژێكتكردن-

وەک شوێنێكی نەزمی كۆمەڵایەتی لە ناكۆكییە سیاسییە بڕبڕەییەكان و دیكۆلۆنیالیزمەكاندا-

وەک نیشاندەرێكی سنووری جیاوازی لە نایەكسانی گلۆبال وگلۆكال و لە مشتومڕەكاندا سەبارەت بە ڕێكخستنی ڕەگەزە - مۆدێرنەكان.


دایكایەتی لەم دانوستانانەدا كە باس لە سیاسەتی جەستە دەكات خاڵێكی سەرەكییە. ڕەهەندی دەروونی سیاسیی بە بەكارهێنانی نموونەی چەمكی دایكایەتی بە ڕوونی فرەلایەنیەكانی سیاسەتی جەستە دەردەخات.

## بنیاتنانی كۆمەڵایەتی-سیاسی دایكایەتی ـ٣

دامەزراوەی دایكایەتی بە شێوازی ئاڵۆزی جیاواز بەپێی شوێن و لە سەردەمی جیاوازدا بنیات دەنرێت و لە قاڵب دەدرێت. لە سەرانسەری جیهاندا بە شوێنێكی ناوەندیی زاوزێ دادەنرێت، كە پەیوەندی نێوان ژن و جەستەی زاوزێ و دەوڵەتی تێدا دانوستان دەكرێت.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034




**لە ئەڵمانیا**(Mutterschaft) **١.٣ - “موتەرشا فت"**

” لە هیچ وڵاتێكی جیهاندا دایكایەتی لە ڕووی تیۆریەوە ئەوەندە شكۆمەند نەبووە، هێندە گرنگی وگەشاوەییەكەی ستایشی نەكراوە ، ئەوەندە بە جەختەوە ئاماژە نەدراوە بە "ئەركە سروشتییەكانی" ژن وەك لە ئەڵمانیا . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ژیانی ڕۆژانە و پراكتیكی دایكاندا پاراستن و یارمەتی بەدی نا كرێت.” (سالۆمۆن ١٩٠٨: ٤٧)

لە گوتارە كۆلۆنیالیزمەكانی سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، بیرۆكەی "دایكایەتی باش" بوو بە سەرچاوەیەك لە گوتارە كۆلۆنیالیزمەكاندا. ژنانی ئەڵمانی بۆ ئەنجامدانی ئەركی "پەروەردەیی" دەچوونە ناوچە كۆلۆنیالیزمەكراوەكان. لە خەیاڵی خۆیاندا بەمەبەستی پەروەردەكردنی ژنانی ناوچە كۆلۆنیالیزمەكاندا بۆ ئەوەی "ئەوانی‌تر" فێری "دایكاێەتی‌باش" بكەن (ڤالگنباخ ٢٠٠٥).

چەمكی دایكایەتی لە مێژووی ئەڵمانیادا چەندین جار گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە (مالیخ ٢٠٢١)، بە تایبەتی بە هۆی بزووتنەوە فێمینیستەكاندا. دەتوانرێت ئەم گۆڕانكاریانە بە بەكارهێنانی ئەوەی پێی دەوترێت سێ شەپۆلێ فێمینیزم لێك بدرێتەوە.

لە شەپۆلی یەكەمی بزووتنەوەی ژناندا، دایكی نەریتی نموونەیی وپەسەند بوو. زانستە جۆراوجۆرەكان ڕوونیان كردەوە كە بۆچی دایكایەتی چارەنووسی سروشتی ژنانە. دایك بە پارێزەری كایەی تایبەت دادەنرا، سۆزدارو خەمخۆر. ڕێك ئەم بیرۆكەیەی خۆبەخشی دایكی و دایكی باش بوو كە وەك ئەرگیومێنتێكی سیاسی بۆ مافی دەنگدانی ژنان خزمەتی بە بزووتنەوەی ژنان لەساڵی ١٩١٨دا كرد: چاوەڕوان دەكرا ڕێڕەوی سیاسەت باشتر ببێت بەهۆی ئەوەی ژنان دایكایەتی خۆیان بنوێنن، ئەوتوانایانەی كە پێشتر بۆ خێزانەكانیان تەرخانیان كردبوو، ئێستا چاوەڕێ دەكرا بیخەنە خزمەتی كۆمەڵگاشەوە. بەم كارە نەك هەر مافی ژنانیان بۆ دەنگدان گۆڕی، بەڵكو ئەو پرەنسیپەیان هەڵ وەشاندەوە كە دایكایەتی بە تەنیا پەیوەستە بە كایەی تایبەتەوە و چەمكی "دایكایەتی ڕۆحی" بۆ میلەت، بە ئەڵمانی "گایستیگە موتەرشا فت" یان دروست كرد (تۆپپە ٢٠٢٠) .

لەسەردەمی سۆسیالیزمی نەتەوەییدا (واتە لەكاتی دەسەڵاتی نازیەكاندا) چەمكەكە گۆڕدرا بۆ ئایدۆلۆژیای دایك. ژنان دەبوو منداڵی زۆروباشیان ببێت بۆ نەتەوەكەیان. بە پێی ئایدۆلۆژیای ڕەگەزپەرستانەیان، باش بەو مانایە بوو كە ئەڵمانی بن و لە ڕووی جینات تەندروست بن. دەسەڵاتدارانی سۆسیالیزمی نەتەوەی خەڵاتی خاچی دایكیان دەبەخشی و پەرەیان بە زاوزێی مرۆیی دا. لە هەمان كاتدا كوشتنی بەكۆمەڵیان ڕێكخست.

شەپۆلی دووەمی بزووتنەوەی ژنان بەرەنگاریی ئایدیالی دایكی نەریتی وترادیتسیۆنی دەبێتەوە. ژنان دەڵێن تەنها لەبەر ئەوەی منداڵەكانمان زۆر خۆش دەوێت مانای ئەوە نییە دەستبەرداری مافەكانمان ببین (لێنس ٢٠١٠). لە هەمان كاتدا مشتومڕ سەبارەت بە لەباربردن و داهێنانی حەبی دژی منداڵبوون لە ساڵی ١٩٦١دا هاتە ئاراوە، جارێكی دیكە دایكایەتی لە چارەنووسی بایۆلۆژیی ژنەوە گۆڕرا بۆ هەڵبژاردنی بڕیاری كەسایەتی. گۆڕانێكی دیكە لەو كاتەدا ئەوە بووكە ئەگەر دایكان بە شێوەی نیوەكاتی كاریان بكردایە، لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە زیاتر پەسەند دەكران.

شەپۆلی سێیەم بە مۆدێلی "دایكی باڵا" (تۆپ مام) تایبەتمەندە، كە لە ژێر كاریگەری ئایدیالە نیولیبراڵییەكاندایە: ئەو ئامادەیە نمایش بكات و خۆی ماندوبكات، لە ڕووی پیشەییەوە سەركەوتووە، جوان، سەرنج ڕاكێش ولە ناوخەڵكدا دیارە، بەڵام بە نرخی ئەوەی كە نوێنەرایەتی سیاسەتی فێمینیست بە ئاشكرا ناكات وهەڵوێستی سیاسی ڕەخنەگرانە دەرنەبڕێت. ئەم ئایدیالە وەك "ماسكی پۆست فێمینیستی" (مێك غۆبی ٢٠١٦) و "سیاسەتێكی سۆزداری" ڕەخنەی لێدەگیرێت كە دایكایەتی وەك ڕۆڵێكی بەختەوەری و "سروشتی" خۆشەویستی دایكی چەمكسازی دەكات وە داوا لە دایكان دەكات كە كاری خێزانی بێ مووچە بكەن

و لە دەرەوەی خێزانەكەشــــیان كاربۆبەدەســــت هێنانی موچە بكەن، لە هەمان كاتدا دڵخۆش و جوان دەركەون و متمانەشــــیان بەخۆیان هەبێت.

لەم نێوەنـدەدا جۆرەهـا فۆڕمی خێزانی دامەزراون و پەرەپێدانی تەكنەلۆژیـای زاوزێ چەنـدلایەنێكی تری زیـاد كـردووە. یەكێـک لەوانە جیاكردنەوەی چەمكی (دایكێتی) لە (دایک بوونە). چونكە ئەكرێت ژنێـک (لەڕوی بایۆلۆژیەوە) واتە لەڕووی بەدەنیەوە هەرگیز دایک نەبوبێ بەڵام لەڕوی كۆمەڵایەتیەوە ڕۆڵی دایكێتی بنوێنێ و بەرپرسیاریەتی لەئەستۆبگرێت.

**٢.٣ - دایكایەتی لە كوردستان**

ئەم سـیاسـەتە جەسـتەییە لە كۆمەڵگای كوردسـتانیشـدا بەرچاوەو لە فۆرمی جیاوازدا لە كاراییكردنی جەسـتە لە ململانێ سـیاسـییەكاندا ڕەنگ دەداتەوە، ئامرازكردنی جەسـتە لە ڕەهەندە دووفاقیەكانی چەمكی "دایكایەتی"دا دەردەكەوێت. لە خوارەوە چەند نموونەیەكی هەڵبژێردراو دەخەمەڕوو.

**١.٢.٣ - پەیكەری دایک لە پاركی دایک لە سلێمانی**

پەیكەری "دایک" لە پاركی دایک ساڵی ٢٠٠٣ لە سلێمانی لەلایەن پەیكەر ساز زاهیر سدیقەوە دروستكراوە. ئەم پەیكەرە لە ڕوانگەی تیۆری و زانستییەوە گرنگە، چونكە گوزارشتە لە نوێنەرایەتیی كولتووری كۆمەڵگایەک. ئەوپەیكەرە ڕەنگدانەوە و هێمای ئەو بەها و خواستانەن كە پەیوەستن بە دایكایە تیەوە. پەیكەرسـاز زاهیر سـدیق لە چاوپێكەوتنێكدا دەربارەی ئەو بابەتە بەم قسـانە پاشـخان و هۆكارە پاڵنەرەكانی ئەوپڕۆژەیەی بۆ ڕوون كردەوە: "بیرۆكەی ئەم پەیكەرە بەدیاریكراوی لە سـاڵی ٢٠٠٣ دوای دروسـتكردنی پەیكەری ئازادی لە سـلێمانی دروسـتبوو، كەلەلایەن سـەنتەری ڕوناكبیری وڕۆشـنبیری ژنان سـپۆنسـەری پەیكەری ئازادی كرابوو. بەسـەرپەرشـتی خوالێخۆشبوو خاتوو ڕوناک ڕەئوف. هەر هەمان سـاڵ پێكەوە باسمان لەدروستكردنی سیمبولیک بۆ دایک كرد. ئەم بیرۆكەیە یەكلایەنەو لەسـەر ئەركی خۆم كەوتە بواری جێبەجێكردن، ئەوكاتە لە زانكۆی سـلێمانی كۆلێژی هونەرمامۆسـتای وانەبێژ بوم، بۆ ئەزمون و فێربونی كاری گەورە سـێ خویندكاری بەشـی پەیكەرسـازی بە ناوەكانی ئاڤان فتاح و خەلات سـەعید و گۆنا دەرویش هاوكاریان كردم. بیرۆكەی كارەكەم بە شـێوەی دروسـتكردنی فیگەرێكی ٧ حەوت مەتری دارشـت ، پەیكەرەكە دایكێک و كۆرپەیەكی لە ئامێز گیراوبوو. ئەم دایكە لە ئاسـۆیەكی دووری دەڕوانی، هاوكات بەشـی خوارەوەی پەیكەرەكە تێكەڵی درەختێک كراوە و ئاوێتەی یەک بون ...بیرۆكەی درەختو دایک بۆچی...؟ درەخت و دایک دەتوانین بڵێین دوانەیەكی لەیەكچوی نزیک لەیەكن. هەردوكیان خاڵی هاوبەشـیان هەیەو دەكرێ بڵێین دایک وەک درەخت سـێبەری گەورەی بۆ مرۆڤایەتی هەبوە. دایک كاتێک وەک نیشـتمان و نیشـتمان وەک دایک پێناسـە دەكرێت. درەختیش بەرەگی قوڵوداكوتراوبە خاک و نیشـتمانەوە بەسـتراوە. دایک سـەرچاوەی گرنگی گەشـەی كۆمەڵگەو میهرەبانییە، درەختیش ڕەمزی ئاوەدانی وبەختەوەرییە.

دایک و درەخت دەكرێ ببنە سـیمبولیكی گەورەی نەتەوەیی و نیشـتمانی. لە لای زۆربەی نەتەوەكان و وولاتانی جیهان گرنگی بە ڕۆژی دایک، مەزنی و خۆشـەویستی دایک دراوەو چەندین مۆنۆمێنت و سـیمبولی تایبەت بۆ دایک دروسـتكراوە. ئێمەش لای خۆمان بە شانازییەوە پاركێكمان بەناوی پاركی دایک لەسلێمانی دروستكردوە كە هیوامان وابوو لە هەموو شارێک سیمبولێكی تایبەت بۆ دایک دروست بكەین. دیارە ئەم هەوڵە بۆ دروستكردنی پاركی دایک لە لایەن كاک دانای ئەحمەد مەجید پارێزگاری ئەوكاتەی سلێمانی ساڵی ٢٠٠٧ پێشوازی گەورەی لێكرا. دوای تێكدانی ئەوزیندانەی لەشاری سلێمانی بە (سجنی سـەرەوە) نزیک فولكەی كاوەی ئاسـنگەر ناسـرابوو، ڕاسـتەوخۆ بڕیاریدا جێگەی ئەو زیندانە بكرێتە باخچەیەكی ڕازاوەو ناوبنرێت پاركی دایک. دوای دروسـت بوونی پاركەكە و دانانی پەیكەرەكە، بەداخەوە كۆمپانیای جێبەجێكار نزیكەی یەک مەتری بەشی خوارەوە ی پەیكەرەكەی كەم كردەوە وكردیە قوربانی ئەو دیزاینەی خۆیان دایان ڕشتبوو. بەم كردەوە ناهونەرییە بەژنی بەرزی پەیكەرەكەیان شـێواند. دیارە دوای تەواوبونی پاركەكە چەند چیرۆكێک بۆئەو پاركە زیندوو بونەوە. چیرۆكەكان واقیعی بون وواقیعی پڕ لە تراژیدیای سـەردەمی ڕژێمی بەعسـی لەناوچووبوون. هەرئەوزیندانە ببوە زیندانی چەندین ژنی تێكۆشـەر كە زۆریان خێزانی ئەو پێشـمەرگانەبون لە ناو جولانەوەی رزگاریخوازی گەلەكەمان پێشـمەرگەبون. هەرئەوزیندانە ببوە زیندانی چەندین ژنی تێكۆشـەر كە زۆریان خێزانی ئەو پێشـمەرگانەبون كەلە ناو جولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلەكەمان پێشـمەرگەبون. ئەو زیندانە چەندین ماڵە پێشـمەرگە تێدابوە. یەكێک لەوانە خانمێک بوە كە بەخێزانی خوالێخۆشـبو كاک بەكری حاجی سـەفەر ناسـراوە هەرلەو زیندانە منداڵی دەبێت. ئەوە جگە لەوەی چەندین دایكی دوو گیان هەر لەو زیندانە بۆ ماوەیەكی زۆر ماونەتەوە. كاتێک پەیكەری دایک و كۆرپە بچكۆلانەكەی دەبینن ڕێک بیری ڕۆژگارە سـەختەكانی ئەوسـەردەمە دێتەوە زاكیرەی ئەوانەی ئاگاداری ئەو ژیان و ژینگەیە بون. پاركی دایكی سـلێمانی لەسـەر خاكێک بنیاتنراوە پێشـتر زیندان بووە. جیاواز لە هەر پار كێكیكە كە لە دنیادا بۆ دایک دروسـت كراوە. ئەو پەیكەرە جگە لەوەی سـیمبۆلێكی جوانی دایكایەتییە،

هاوکات سیمبولێکی جوانی دایکە شۆڕشگێرەکانیشە کە لەو شوێنە ئازارو ئەشکەنجەی زۆریان چەشتووە." (زاهیر سدیق ،پەیکەرساز،١٧/١١/٢٠٢٣،سلیمانی)



"پەیکەری دایک" لە پارکی دایک لە سلێمانی

ئەم پەیکەرە وێنەیەکی دایکایەتی کورد دروست دەکات کە پەیوەندییەکی دایکایەتی و سروشت و نەتەوە پێکدەهێنێت. جگە لەوەش دایکایەتی لە هەمان کاتدا شوێنی هێز و پاراستن و شوێنی لاوازی و زەبروزەنگیشە. هەربۆیەش چ پارکەکەو چ پەیکەرەکە ش بە مەبەست لەسەر شوێنی زیندانی پێشوو "سیجنی سەرەوە" دروستکراوە. لەم زیندانەدا زۆرێک لە ژنان لە کاتی زیندانیکردنیاندا لە سەردەمی بەعسدا منداڵیان بووە.

**٢.٢.٣ - دایکایەتی لە چوارچێوەی شەڕی بەناو داعشدا**

نموونەی دووەمیش لە شەڕی دەوڵەتی بەناو "دەوڵەتی ئیسلامی" دژی دەوڵەتی ئیسلامییە. دوو چەمکی دایکایەتی لەسەر دوو جەمسەری پێچەوانە لە نێوان دایکایەتی بەهادار، قارەمانانە و شەڕانگێزانە لە بەرامبەر قوربانیکردن و ئیستغلالکردنی بێ بەهادا هەیە.

١) ژنانی کورد، پێشمەرگە و دایکانیش لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی شەڕیان کرد. ئەم وێنە میلیتاریزەکراوەی ژنان و دایکان وەک چەکداری دژە داعش لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەرکەوتوو وبە پاڵەوان لەقەڵەم دران. ئەم وێنەیە نوێنەرایەتییەکی دیاریکراوی ژنانی کورد وەک پێشمەرگە نیشان دەدات، کە هێمای دید و حەسرەتی ناسیۆنالیزمێکی مۆدێرنی کوردییە کە لە لایەن جیهانەوە دانپێدانراوە. هەروەها ئەو وێنەیە لە ڕووی سیاسییەوە سوودی هەبوو بۆ ئەندامانی هاوپەیمانی ڕۆژئاوا، وەک فێمینیزمێکی عەلمانی و متمانە بەخۆبوون لە دژی بە ئیسلامیکردن.

٢) ڕێکخراوی تیرۆریستی "دەوڵەتی ئیسلامی" (داعش) جینۆسایدی دژی ئێزیدییەکان ئەنجامدا. هەزاران کەس کە زۆربەیان کچ و ژن بوون لەلایەن داعشەوە ڕفێنران و دەستدرێژییان کراوەتە سەر و کراون بە کۆیلە و کوژراون. پەیوەندی نێوان توندوتیژی سێکسی و بازرگانیکردن بە مرۆڤ و تیرۆر لە سەرانسەری جیهاندا شتێکی نوێ نییە، بەڵام ڕادەی ئەو دڕندەییە دەبێتە هۆی ترسناکیی جیهانی، چونکە ئاستێکی ژنکوژی و سووکایەتیکردن بە ژنان ئاشکرا دەکات کە شەرعیەت بەم ژنکوژییە دەدات. ئەو ژنانەی کە لە ئەنجامی ئەم توندوتیژییەدا منداڵیان بووە، تووشی کێشە، .ئازاروبێبەهای دایکایەتی (قادری٢٠٢٣) بوون

**شۆڕشی ژینا لە ئێران و لێکەوتە ڕاستەوخۆکانی بۆ سیاسەتی جەستەیی و ناڕاستەوخۆکانی بۆ دایکایەتی ٣.٢.٣**

نموونەی شۆڕشی ژینا لێکەوتەی ڕاستەوخۆ بۆ سیاسەتی جەستەیی و ناڕاستەوخۆ بۆ دایکایەتی هەیە. جاری یەکەم و دواجاریش نییەکە چۆن ئەمجارە ش لە ڕۆژهەڵات و ئێران بینینی جەستە و بە تایبەتی قژی ژنان کراوە بە سیمبولێک بۆجیاکاری، بۆئەوەی لەهەمووکاتێکدا لەفەزای گشتی دا بتوانرێت دەسەڵات بەسەریاندا بسەپێنرێت. ئەوە نەک یەکەم و دواجارە کە جەستەی ژن پێناسەدەکرێت بە خاک، سەنگەرومەیدانی جەنگی سیاسی. کۆنترۆڵکردنی جەستەی ژنان وەک ئامێرێک بەکاردەهێنرێت بۆدانوستاندن لەسەردەسەڵاتی کۆمەڵایەتی وسیاسی. ئەو سیاسەتە جەستەییەی (بۆدی پۆلیتیچس) لێرەدا باسی لێ

دەکرێت گەیشتە لوتکە: پرسیارەکانی سیاسەتی جەستە لە پرسیاری نادیاریکردنی جەستەی ژن ونایەکسانییەوە گۆڕران و بوون بە پرسە وجودیەکان، کە ستەمی ئارەزوومەندانی ڕژێم نەک هەر لە دۆخی ژینادا سەلماندی، بەڵکوهاوکات لە جەستەی چینی کرێکار(وەک کۆڵبەرەکان)، وەلەجەستەی هەرمرۆڤێک کە بەدژدەیخوێنێتەوە ـــ تا ئاستی لەسێدارەدانیان. لێرەدا دایکایەتی دەبێتە فەزای ترس وهێزوتەبایی. دایکان هەڵدێن چونکە ترسـیان لە داهاتووی کچەکانیان هەیە. دایکان هاوسـۆزی لەگەڵ کچەکانیان بۆداهاتوویان نیشـان دەدەن ولەگەڵیان دەچن بۆ پرۆتێسـت و ڕێگریشـیان لێناکەن لەچالاکی بەشـداری کردن لەخۆپیشـاندانەکاندا، هەرچەندە خەمی چارەنوسیانە.

هونەرمەند هێرۆشـێخێ لە تابلۆکانیدا کە لە مانگی تشـرینی دووەمی ۲۰۲۳ لە شـاری هەولێرنمایشـکران، ترس وخەمی دایکان بۆمنداڵەکانیانی خستۆتەڕوو. ئەم وێنەیەی خوارەوەی تەرخان کرد بۆنیشاندانی نیگەرانی و دڵتەنگی دایکانی ڕۆژهەڵات:



(دایکایەتی،هێرۆ شێخێ ، ۲۰۲۳)

خەمی ئەم دایکانە بابەتێکی تاک وتایبەت نین، بەڵکوجەستە-سیاسیین. پەیوەندی بە بەرژەوەندی دەوڵەتەوە هەیە لە سەلامەتی هەموو هاوڵاتیانی وڵات. سەلامەتی ودڵنیایی بەدەنی لە زۆرێک لە دەستوورەکانی جیهاندا بە مافێکی بنەڕەتی هەموو مرۆڤەکان دادەنرێت. وا گریمانە دەکرێت کە هەموو مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە کە جەسـتەی لە لایەن دەوڵەتەوە زیانی پێ نەگات، بەڵکو زیاترپارێزگاری لێ بکرێت. بەڵام شیکارییە سیاسییەکانی جەستە نیشـانی دەدەن کە بەردەوام مافی پاراستنی جەستەلە زیان، ئەشکەنجە وکوشتن پێشێل دەکرێت (بڕوانە سیبیل ڤان دێر واڵت، کریستۆف مێنکێ ۲۰۰۷). لەم چوارچێوەیەدا سیاسەتی جەستە وەک پەیوەندییەک لە نێوان دەوڵەت وهاووڵاتیـاندا دەبێتە شـتێکی گرنـگ. جگە لەوەش، گرنگی هەیە وەک پەیوەندییەکی ئینتەرزێکتسـیۆنال، واتە لە یەکتربڕین وسـەریەککەوتنی نایەکسـانی هاوکات بەپێی ڕەگەز، چین، نەتەوە یان تەمەن. تیۆری (ئینتەرزێکتسـیۆنالیتی) ئەوەیە کە دەیەوێت جەخت لەسـەرکارلێکی نایەکسـانی بکات. مەبەسـت لە (ئینتەرزێکتسـیۆنالیتی) لێرەدائەوەیە، کە ناتوانرێت پۆلێنە کۆمەڵایەتیەکانی وەک جێندەر، ئێتنی، ئایین، نەتەوە یان چین بە دابڕان لە یەکترچەمکسـازی بکرێن، بەڵکو دەبێت لە "تێکەڵاوبوونیان" یان "یەکتربڕین" یاندا شـیبکرێنەوە. ئەم دیدگایە بەرفروان ترە لەوفاکتەرانەی ئاماژەم پێدا، وەدەبێت گرنگی بدەین بە کارلێکی هاوکاتی نایەکسـانییە کۆمەڵایەتییەکان. بۆیە تەنها پرسی چەند پۆلێکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکودەبێت پرسـی شـیکردنەوەی کاری گەریە جیاوازەکانیش ڕەچاوبکرێن (بۆنمونەجاوازی هەیەلەنێوان دایککی کەم ئەندامی هەژارلەگەڵ دایکێکی بوەی تەندروستدا).

سیاسـەتی جەستە لەم پەیوەندییە بڕبڕەییەدا، وەک پەیوەندییەکی نێوان دەوڵەت وهاووڵاتیان، دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ. بەڵام بزووتنەوەی نارەزایەتی ژینا ئەو کێشـانە زەق دەکاتەوە بۆئەوئاسـتەی کە نەک تەنها سـەرنجیان لەسـەر مشـتومڕە ناوخۆیی یان کوردییەکانە، بەڵکو لەســەرململانێی جیهانیی فرەلایەنی بۆ پەیوەندییە نوێیەکانی ســەردەمی ئێســتا: واتە قەیرانە ئیکۆلۆژی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. قەیرانی ئیکۆلۆژی تایبەتە بە پەیوەندی نێوان سـروشـت ومرۆڤەکان، قەیرانی ئابووری پەیوەندی نێوان ســیاســەت و ئابوورییە و دواجار قەیرانی کۆمەڵایەتی تایبەتە بە پەیوەندییەکانی ناوخۆییەکان، ســەبارەت بە پرســە چاودێرییەکانی کە لە نزیکەوە پەیوەستن بە پرسی ژنانەوە.

ئەم پرسـە جیهانیانە گرنگیەکی ناوچەییان هەیە. پرۆتێسـت ونارەزایەتییەکان ڕەهەندێکی کۆنکرێتی مێژوویی-سـیاسـی لە کوردسـتان و ئێراندا هەیەولەهەمان کاتدا بەووردی باس لەم پرسـانەش دەکەن: نایەکسـانی ئابووری، ئیکۆلۆژی وپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، کە زۆرکاریگەرن.

**٣.٢.٤ ـ نموونەی زیاتری سیاسەتی جەستە و دایکایەتی لە کوردستاندا**

دانوستان وململانێی سیاسەتی جەستەیی لە کۆمەڵگەی کوردستانیشدا بە چەندەها شێوە ڕەنگ دەداتەوە، بگرە لە بەرەنگاربوونەوەلەلایەن ژنانی پێشمەرگەوە تاکوجەستەی لێدراووزیان لێکەوتووی ژنان بەهۆی شەڕ یان توندوتیژی خێزانییەوە، تا ئەو جەستانەی کە نەشتەرگەرییان بۆ کراوە بە مەبەستی ئەوەی لە کێبرکێی پێگەی کۆمەڵایەتیدا "جوان" وبەرزدەرکەون. کاراییکردنی جەستە لە ململانێ سیاسییەکاندا فۆرمی جیاوازی هەیە و بە ڕەهەندی دووفاقی دیارودەربڕاوە. لە نموونەکانی تا ئێستا باسم کردبوون دەتوانین ئاماژە بەم لایەنانەی خوارەوەی سیاسەتی جەستە لە کوردستان بدەین:

بەرزکردنەوە و قارەمانبوونیان وەک دایکی میللەت-

دابەزینی بەها و قوربانیکردن و بەکارهێنانیان -

ئامرازکردنی سیاسییان لە ڕێگەی بینین ونەبینراوییەوە-

سەبارەت بە تایبەتی "دایکایەتی"، نموونەی دیکە لە ئەدەبیاتی زانستیدا هەن، کە لێرەدا بە کورتی باسی دەکەم بەبێ :ئەوەی بچمە ناو وردەکاری زیاترەوە

دایکانی ئاشتی، دایکانی شەممە و دایکانی دیاربەکر (چاگلایان ٢٠٢٠،خێلغات-دووست و ئاریبۆغان٢٠٢٣) -

دایکانی بارزانی (سدیق، ئی.، و فەتاح، م.، ٢٠٢٢) -

دایکانی ئەنفال (بڕوانە ملۆدۆخ٢٠٢١) -

دایکانی ئێزیدی (بڕوانە "گۆڕی دایکان"؛ کەمپینی "من ناوم دایکمە"،قادری٢٠٢١ ) -

دایکی کۆچبەر ودایکایەتی کۆچبەر-

لە ئێستادا ژنانی کورد زۆرن کە دایک و کۆچبەرن. ئەم دۆخە تەحەدای تایبەت (ئۆموت٢٠١٣) دەخاتە ڕوو، هەروەها ژمارەیەکی زۆر ژنی کۆچبەرلە کوردستان هەن کە وەک کارئەرکی چاودێریکردنی منداڵان و بەساڵاچووان لە خێزانە ئابوورییە باشترەکاندا (کارتەروئۆلیێت٢٠١٦) دەگرنە ئەستۆ. ئەمەش بۆتە هۆی گۆڕانکاری لە خێزانەکاندا. ئەم ژنانە وەک "کەسانی سێبەر"ی نەبینراو (لێنس ٢٠١٧،٢٠١٣) ئەرکی خاوێنکردنی ماڵەکان وئاگاداری منداڵەکان ئەنجامدەدەن. بەو هۆیەوە هەندێک لە پەیوەندیکان وگفت وگۆکان (کۆمنیەکەیشن) گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. لە کاتێکدا لە دەست دانی "زمانی دایک" پێشتر هەم لە ڕێگەی کۆچ و هەم لە ڕێگەی قەدەغەکردنی زمانی کوردییەوە ڕووی ئەدا، ئێستا هۆکاری لەدەستدانی "سەرمایەی زمانەوانی" بەشێکی لە ڕێگەی گۆڕانی پەیوەندی وچەمکەکانی دایکایەتیەوەیە. لەهەمان کاتدا ئەم ڕەوتە بەهۆی کاریگەری زمانەکانی دیکەی وەک ئینگلیزی وبە دیجیتاڵکردن بەهێزتربووە. کاری گەری دیجیتاڵی لە ڕێگەی میدیاوە دیاردەیەکە کەلە پەروەردەوبەخێوکردندا لە ناوکۆمەڵگاوهەموو شوێنێکدا بەدی دەکرێت. ئەم هۆکارانەش دەبنە هۆی ئەوەی:

بوونی دایکایەتی لە دوورەوە لەڕووی (فەزایی، سۆزداری، زمانەوانی، جەستەیی)-

بنەمای ڕێبازی تیۆری وەک ڕەوانگەی نەریتی، نیشتمانی و تیۆری وابەستەبوون لەسەر ئەو گریمانەیە دامەزراون کە پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان دایک ومنداڵدا بە تایبەتی گرنگە. لە ئێستادا دایکایەتی لە دوورەوە، یان جیاکردنەوەی دایک بوون ودایکایەتی تادێت گرنگتردەبێت. ئەم دیدگایە کە پێشتر فێمینیستی بووەوبەمەبەستی ئاماژەکردن بۆسەرگوایە ئەرکە سروشتیەکانی ژن باسی لێدەکرا، ئێستا دەتوانرێت بە بینینێکی نوێ گفتوگۆی لەسەربکرێت وەوادیارە کەبە هۆکاری جۆراوجۆربەهێزتربوبێت. یەکێک لە هۆکارەکان پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە، کە فۆرمەکانی نوێی دایکایەتی لە ڕێگەی پزیشکی زاوزێوە دەڕەخسێنێت.

پێش پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا نۆرم و فۆرمێکی نەریتی کۆن کە لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا هەبووە بۆ دابینکردنی چاودێری تەندروست بۆ کۆرپە، ئەویش:

دایکی "شیر" -

دیاردەی دایکی شیروەک پراکتیزەیەک لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەربڵاو ونەریتییە. وەک پێویستییەک بۆ پشتگیریکردنی دایک و کۆرپەکە، بەڵام ئەرکێکی کۆمەڵایەتیشی هەیە بۆ لێک نزیک کردنەوەی خێزانەکان، جا خزم بن یان نا.

•دایکایەتی وەک پیشەیەک (دایکایەتی وەک پیشەیەک هەیە، بۆ نموونە لە خانەی منداڵە بێ دایک وباوکەکاندا)

فرەژنی و دایکایەتی-

دیاردەی فرەژنی لەکوردستاندا هەیە، کە پێک هاتەوشێوازی زیاتربۆ دایکایەتی لەخۆدەگرێت. لەسەرتایبەتمەندییەکانی ئەم شێوە دایکایەتیە توێژینەوە هەیە لە ناوچەکانی تری جیهان کە ئەزموونی هاوشێوەیان هەیە (بڕوانە گادبان ، گۆڵدنەر ٢٠٢٠)

دەبێت دان بەوڕاستیەشدا بنرێت کە دایکایەتی نەبینراو و ڕۆژانە هەیە کە زۆربەی مرۆڤەکان لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیانەوە دەیزانن ودەیبینن بە هەمو چێژەکانی و کێشەکانیەوە.

**٤. بیرکردنەوەکانی کۆتایی**

لەدیدگەی چەمکی دایکایەتیەوە دەتوانین بی بینین کە بیرۆکەی ڕۆژانەی دایک وەک بەخشەرێکی سروشتی ژیان، خۆشەویستی، ئاشتی، زمان هتد. بەدی نایەت. دایکایەتی هەڵوێستێکی بێلایەنی ئایدیۆلۆژی نییە. بە کەڵک وەرگرتن لە نموونەی دایکایەتی وەک چەمکی سیاسەتی جەستە، بواری توێژینەوە وبیرکردنەوە پێ دەدات کە لە ئێستادا دەتوانین چاودێری کام سیاسەتی جەستەیی پەیوەست بە ژنان بکەین، کە بێگومان کاردانەوەی هەیە بۆچەمکی باوکایەتی ونەوەی نوێ.

ئەو گۆڕانکارییە جیهانییانەی کە لە قەیرانە کەڵەکەبووەکانی ئێستادا دیارن، بوونەتە هۆی هەڵچوونی جیۆپۆلیتیکی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. پێکهاتەی نێودەوڵەتی تادێت گۆڕانکاری بەسەردا دێت وبۆتەهۆی سەرهەڵدانی نەزمێکی جیهانی فرە جەمسەری و نوێ.

دەتوانرێت سەرهەڵدانی بزووتنەوە پاوانخوازی، نەتەوەیی و ئایینییەکان بەدی بکرێت. "جیهان ڕووبەڕووی پەتای پاوانخوازی بۆتەوە" – ئابووریناس و ڕۆشنبیرئامارتیا سێن لە ووتارەکەیدا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتی پێشانگای کتێبی ئەڵمانی بۆ ساڵی ٢٠٢٠ هۆشداری دا سەبارەت بە سەردەمێکی خۆسەپێنی نوێ. لە ڕاستیدا بناغەکانی مۆدێلی دیموکراسی دەستوری لەسەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ ئەمڕۆ لە هەموو ناوچەکانی جیهاندا دەخرێنە ژێر پرسیارەوە. لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوە پاوانخوازەکان، تەحەدای نوێ سەرهەڵدەدەن. چونکە ئەم جیهان بینییانە هاوتەریب لەگەڵ دژە فێمینیزمێکی قووڵدا دەڕۆن، ئەگەرهەتا ڕق لە ژنیش نەبێت.

جگە لە سەرهەڵدانی بزووتنەوە پاوانخوازەکان، مێگاترێندێکی دیکەش بەدی دەکرێت، ئەویش بریتییە لە فێمینیزەکردن. فێمینیزئیشن بە مانای گۆڕینی نەزمێکی پیاوسالاری کۆمەڵگا، کولتوور و سیاسەت بە نەزمێکی ماتریارکی نییە، بەڵکو بە مانای هەڵوەشاندنەوەی ئەرکە ڕەگەزیە تایبەتەکانە بە گشتی لە کۆمەڵگادا. ئەمە ڕەوتێکە لە کۆمەڵگا و بازاڕی کاردا کە تا ڕاددەیەک بۆتە هۆکاری گۆڕانکاری لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگادا.

واتە یەکەم دەتوانرێت سەرهەڵدانی بزووتنەوە پاوانخوازی، نەتەوەیی و ئایینی خۆسەپێن بەدی بکرێت. ئەم جیهان بینییانە شانبەشانی ڕق و کینەیەکی قووڵ بەرامبەرژنانن. وە دوهەم لە هەمان کاتدا لە کۆمەڵگا و بازاڕی کاردا ڕەوتێک هەیە کە بۆتە هۆی تا ڕادەیەک گۆڕانکاری بەسەرئەرکە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگادا. نمونەی کلاسیکی ئەو شتانەی کە بە "شێوەیەکی ئاسایی نێر" یان "بە شێوەیەکی ئاسایی مێ" دادەنرێت، بەشێکیان نەماون. وە گۆڕانی نێودەوڵەتی لە گوتار وشەڕ لەسەرچەمکەکان و تەنانەت شەڕی ڕاستەقینە هەیە کە پەیوەندی بە سنوورە نەتەوەییەکان و ڕۆڵی ژن و پیاوەوە هەیە تێیدا (چ داعش، تاڵیبان، ڕووسیا، ڕۆژهەڵات و ئێران و هتد). مشتومڕەکان لە زانستدا دەتوانرێت لە مشتومڕەکانی نێوان جەمسەرەکانی "کۆچبەری ڕەگەزی" و "پیاوسالارییە ژەهراویەکان" یان "پیاوسالارییە نەوتییەکان" (داگێت ٢٠١٨) و بە گشتی ئەوەی کە دەتوانرێت لەسەر ژن و پیاو بگوترێ، بەدی بکرێن. واتە جەستە دەبێتە نیشاندەرێکی سنووری جیاوازی، پێوەرێک بۆ ئاڕاستەکردنی جیاوازییەکان لە دەوری پەیوەندییە مۆدێرنەکان و پێگەی هەریەکەیان لە ململانێ کۆمەڵایەتییەکان، سەبارەت بەوەی کە شێوازی دروستی ژیان وەک ژن یان پیاو چییە؟ چی لە ڕووی ناوبانگ و ئابوورییەوە ئاساییە وتاڕاددەی بەنرخاندن؟

ئەم مل ملانێیانە لەسەر پەیوەندییە جێندەریەکان تەنها ململانێ نین بۆ بیرۆکەی "باشتر" بە مانای خۆبەرزکردنەوەی گرووپی کۆمەڵایەتی، بەڵکو بەشێکن لە چەمک و لێکدانەوە فراوانترەکانی جیهان و بانگەشەی دەسەڵات کە تێیدا جێندەربەشێکە لەو بۆچوون وگۆڕڕانکاریانە.

جیهان لە قۆناغێکی هەڵچوونی جیۆپۆلیتیکیدایە پەیوەست بە کۆچکردنی هەمەجۆرییەوە، لەگەڵ توندبوونەوەی قەیرانەکان و "جەنگی نوێ" (زایفەرت ٢٠١٨). ئەوەش پەیوەستە بە وابەستەیی جیهانگیری بەیەکەوە، توندبوونەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری، بیرکردنەوەی دژە دیموکراسی و ڕەگەزپەرستی. ئەو جەستە ڕەگەزییە لە مشتومڕەکاندا سەبارەت بە فەرمانە نوێ و جیهانییەکان کێبڕکێی لەسەرە.

بۆ نموونە خەبات و خۆڕاگری لە ڕۆژهەلات و ئێراندا ئاماژە بە قەیرانی شەرعیەت لە فەرمان و پەیوەندییە باڵادەستەکان دەکات. ئەو ڕۆڵە جێندەرییە نەریتییانەی کە پێشتر وەک "سروشتی" سەیر دەکران، بەهۆی هۆکارە ئابوورییەکان و دیجیتاڵکردن و جووڵەوە دەخرێنە ژێر پرسیارەوە و پێویستیان بە ڕێکخستنەوەی نوێ هەیە. پەیوەندی بەوەوە هەیە کە چ فۆرمێکی پەیوەندی ڕەگەزی و جێندەری باڵادەست وهەژموون خوازانە بێت، پەیوەندییەکانی چاودێری، پشتیوانی و هەروەها ڕێکخستنی هاوتای دەسەڵات و ئابووری دەبێ جارێکی تر دابڕێژرێنەوە. پەیوەندی بەوەوە هەیە کە کێ سوودمەندە لەو ڕێکخستنەوە و کێ زیاتر بەرکەوتەی پێکان و بەرفشاردەکەوێت.

گۆڕانکاریی لە تۆڕی پەیوەندییە هاوبەشەکان و تۆڕەکانی خەمخۆری وهاوکاریدا پێویستی بە دیدێکی یەکگرتووهەیە بۆ یەکسانی جێندەری لە بواری چاودێری، لایەنە ئابووری و سیاسییەکان. بە تایبەتی، شیکارییە جیاوازەکان بۆ ئەو پرسیارەی کە



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

چۆن ئابووری چاودێری (بەتایبەت سەبارەت بە چاودێری، پشتیوانی و چاودێریکردنی منداڵان، نەخۆش و بەساڵاچوان) لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ناسراوە ودەتوانرێت بە ئاماژەدان بە ژیانێکی باش وسەرکەوتووهەڵسەنگێندرێت، کە هەڵبەتە ئەوە پرسیارێکی کاری کۆمەڵایەتیشە وەک پیشەیەکی پەیوەندی پرۆفێشیۆناڵ.

لێرەدا دایکایەتی دەبێتە شوێنێک لە نێوان لاوازی، خۆڕاگری، توانای ئاشتی و ترس لە داهاتوو، لەهەمان کاتدا دایکایەتی لە نێوان بەردەوامی مێژوویی، ناوچەیی و تەحەددای ئێستا وجیهانیدا گیری خواردووە.

بە بڕوای من مشتومڕەکانی ئێستای جەستەی سیاسی سەبارەت بە چەمکە جیاوازەکانی دایکایەتی، لە پیاوبوون و ژن بوون، بەرەوئەوەدەچێت کەئەو چەمکانە لەدەست بدات کە ئێمە وەک مرۆڤ تیایدا هاوبەشین، کەئەوانیش زیندوویی و لاوازین. ئێمە لە سەردەمی گۆڕانکاریداین، گۆڕانکاری لە پەیوەندییەکاندا، لە نێوان مرۆڤەکان، ژن و پیاوان، ناوچەکان، گەلان و کەشوهەوادا. ئێمە هەموومان وەک مرۆڤ جیاوازین، بەڵام یەک شتمان هاوبەشە، هەموومان لە ژنێک لەدایک بووین، لە هەل ومەرجی جیاوازی سیاسی، فەزایی، ئابووری و سۆزداریدا. پێویستە لە خۆمان بپرسین کام سیاسەتی جەستە کام ژیانی داهاتوو بەرجەستەدەکات. دەتوانین سەروەری لێکدانەوە بەسەر چەمکەکاندا شی بکەینەوە و ئایدۆلۆژیایان لێ لابدەین.

**سەرچاوەکان:**

Brockhaus, Gudrun (2008): Muttermacht und Lebensangst. Zur Politischen Psychologie der NS-Erziehungsratgeber Johanna Haarers. Tel Aviver JB für deutsche Geschichte 36: 63–77

Brown, Nadia & Gershon, Sarah Allen (2017): Body politics, Politics, Groups, and Identities, 5:1, 1-3, DOI: 10.1080/21565503.2016.1276022

Çağlayan, Handan (2020). Women in the Kurdish Movement. Mothers, Comrades, Goddesses Palgrave Macmillan, Cham. https://link.springer.com/book/10.1007/978-3-030-24744-7

Cetinkaya, Hasret (2020). Mothers as the middle-ground between the Mountain and the State. Journal of International Women's Studies, 21(7), 207-224. Available at: https://vc.bridgew.edu/jiws/vol21/iss7/15

Daggett, C. (2018). Petro-masculinity: Fossil Fuels and Authoritarian Desire. Millennium, 47(1), 25-44. https://doi.org/10.1177/0305829818775817

Gadban F, Goldner L. (2020): "I Have No Hope": The Experience of Mothers in Polygamous Families as Manifested in Drawings and Narratives. Front Psychol. https://doi:10.3389/fpsyg.2020.608577

Ghaderi, C. (2021/2023). Children Born of Wartime Rapes – an Analysis from a Gender-Sensitive and Psychosocial Perspective. In: Sonnenberg/Ghaderi (eds) Social Work in Post-War and Political Conflict Areas. Springer VS. https://doi.org/10.1007/978-3-658-32060-7_8

Heinemann, Isabel & Limper, Verena (2020): Die Biologische Uhr. In: Body Politics. Zeitschrift für Körpergeschichte.

Katherine Carter, & Judy Aulette. (2016). The Domestic Workers Convention Is Not Enough: A Postcolonial Feminist View of Ethiopian and Filipino Domestic Workers in Iraqi Kurdistan. *Frontiers: A Journal of Women Studies*, *37*(3), 175–203. https://doi.org/10.5250/fronjwomestud.37.3.0175

Khelghat-Doost, H., Arıboğan, D.Ü. (2023). The Psychopolitics of Motherhood in Post-conflict Public Policies: The Cases of the PKK and ISIS. In: Elayah, M.A., Lambert, L.A. (eds) Conflict and Post-Conflict Governance in the Middle East and Africa. Palgrave Macmillan, Cham. https://doi.org/10.1007/978-3-031-23383-8_7

Khelghat-Doost, H., Arıboğan, D.Ü. (2023). The Psychopolitics of Motherhood and Political Violence: The Case of the Waiting Mothers in Turkey. In: Arıboğan, D.Ü., Khelghat-Doost, H. (eds)

Constructing Motherhood Identity Against Political Violence. Springer, Cham. https://doi.org/10.1007/978-3-031-36538-6_11

Kolonie und Heimat Jahrgang 1911/1912, No.24: Mitteilungen des Frauenbundes der Deutschen Kolonialgesellschaft

Kurdish migrant mothers in London enacting citizenship: Citizenship Studies: Vol 17, No 8: https://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/13621025.2013.851146

Lenz, I., Evertz, S., Ressel, S. (2017). Neukonfigurationen von Geschlecht im flexibilisierten Kapitalismus? In: Lenz et al. (eds). Geschlecht und Gesellschaft, vol 58. Springer VS, Wiesbaden. https://doi.org/10.1007/978-3-658-15348-9_1

Lenz, Ilse (2010): Selbstbestimmung und Solidarität von Müttern: „Wir stecken nicht zurück, weil wir Kinder haben, die wir herzlich lieben“. In: Lenz, Ilse (Hrsg.): Die neue Frauenbewegung in Deutschland.: Eine Quellensammlung. Wiesbaden: VS, S. 177–205.

Lenz, Ilse (2013)."Zwischen Geschlechtsnomaden und Schattenmenschen: Transnationalisierung und komplexe soziale Ungleichheiten". Vortrag. JLU (uni-giessen.de)

Malich, L. (2021). Historische Mutterschaftsdiskurse. In L. Y. Haller, & A. Schlender (Eds.), Handbuch Feministische Perspektiven auf Elternschaft (pp. 39-56). Barbara Budrich

McRobbie, Angela (2016). Top Girls. Feminismus und der Aufstieg des neoliberalen Geschlechterregimes. Geschlecht und Gesellschaft, vol 67. Springer VS, Wiesbaden. https://doi.org/10.1007/978-3-658-14828-7

Mlodoch, Karin (2021). The Limits of Trauma Discourse. Women Anfal Survivors in Kurdistan-Iraq, Band 34 der Reihe ZMO-Studien; https://doi.org/10.1515/9783112402832

Mohammadpour, A. (2023). Decolonizing Voices From Rojhelat: Gender-Othering, Ethnic Erasure, and the Politics of Intersectionality in Iran. Critical Sociology, 0(0). https://doi.org/10.1177/08969205231176051

Sadiq, I., & Fattah, M. (2022). Gender Roles and Feminism: The Experience of Barzani Single Mothers. Review of Middle East Studies, 56(1), 40-55. https://doi:10.1017/rms.2022.27

Salomon (1908). Zitiert aus: Toppe, Sabine (2021): Mutterbilder im Umbruch?! (pp. 19-38), Sabine Toppe and ASH Berlin; https://doi.org/10.2307/j.ctv1p6hqmt.4; https://www.jstor.org/stable/j.ctv1p6hqmt.4

Seifert, R. (2018). Armed conflict and social work. In L. Wagner et al. (Eds), Internationale Perspektiven Sozialer Arbeit. Dimensionen – Themen – Organisationen. Beltz Juventa.

Sybille van der Walt, Christoph Menke (2007): Die Unversehrtheit des Körpers. Geschichte und Theorie eines elementaren Menschenrechts. Frankfurt am Main u.a.: Campus Verlag

Toppe, S (2021). Mutterbilder im Umbruch?!: Spannungsfelder prekärer Mutterschaft in aktueller und historischer Perspektive. In H. Krüger-Kirn & L. Z. Tichy (Eds.), *Elternschaft und Gender Trouble: Geschlechterkritische Perspektiven auf den Wandel der Familie* (1st ed., pp. 19–38). Verlag Barbara Budrich. https://doi.org/10.2307/j.ctv1p6hqmt.4

Toppe, Sabine (2020): Der Beitrag der bürgerlichen Frauenbewegung zur Entwicklung der Sozialen Arbeit, in: Digitales Deutsches Frauenarchiv. URL: https://www.digitales-deutsches-frauenarchiv.de/themen/der-beitrag-der-buergerlichen-frauenbewegung-zur-entwicklung-der-sozialen-arbeit (Zugriff am: 21.11.2023)

Umut Erel (2013) Kurdish migrant mothers in London enacting citizenship, Citizenship Studies, 17:8, 970-984, DOI: 10.1080/13621025.2013.851146

Wildenthal (2003): Rasse und Kultur. Frauenorganisationen in der deutschen Kolonialbewegung des Kaiserreichs. In Birthe Kundrus (ED), Phantasiereiche. Zur Kulturgeschichte des deutschen Kolonialismus. (pp. 202-219). Frankfurt: Campus Verlag